ڕانیە لەسەردەمی بەر لە مصطفی بەگی باوکی میر موحەمەدی ڕەواندز لە سەر قەڵەمرەوی سۆران بووە و هەروەها لەساڵی ١٨٣١ پاشای گەورەی ڕەواندز لە شالاوێکی فراوانکردنی میر نشینەکەی کۆیە و ڕانیە لە بابانەکان وەردەگری و زێی بچووك دەکاتە سنووری نێوان هەردوو میرنشینەکە و لە سەر ئەو ئەساسە لەگەڵ بابان ڕێکەوتننامەیەك مۆردەکەن و ئاگر بەستی نێوان هەردوولا ڕاگەیەنرا [٢٠] میر بۆ بەرەنگاری هەر هێرشێکی لە ناکاوی بابان بە درێژایی زێ لە دەربەندی ڕانیە و لە دەراوی دوکان و لەسەر گردی (سارتکەلیی)[٢١] ولە قەمچوغە قەڵاو شورەی دروست کردن[٢٢] . بەمەش خەتی (ڕانیە- بیتوێن -خەلەکان- چناران...) لای ڕاستی درایە سۆران و لای چەپی زێ درایە بابان[٢٣] .

ئەمە زۆری نەبرد لە ساڵی( ١٨٣٦ ز ) میرنیشینی سۆران ڕووخاو بابانیش هەستانەوەیەکی وای بە خۆیەوە نەدی بگەڕێتەوە و لە ساڵی( ١٨٥١ ز ) ئەویش ڕووخا، ساڵانی دواتر ڕانیە وەکو هەموو دەڤەرەکە بەر شالاوی گرانییەکی سەخت کەوت، دواتر لە تەشکیلەی تازەی موسڵ( وەکو باسمان کرد) خرایە سەر کەرکوك و دواتر سەر بە هەولێر.

ئەنجام

١-ڕانیە بە قەڵاو شوێنەوارەکانی بە قولە و کانیاوە بەسوودەکانی لە کۆندا شوێنێکی بایەخداری هەبووە لەدەڤەری بیتوێن و لە پاڵ شوێنە ئاوەدانەکانی تری دەڤەرەکە ئاوەدان وخاوەن قەڵای سەربازی و پێگەی بازرگانی و پیشەسازی گرنگ بووە.

٢-بە درێژایی سەدەکانی ناوەڕاست ڕانیە هەبووە،بەڵام بەهۆی نەکەوتنە سەر ڕێی ناوەندە سیاسی و سەربازیەکانی ئەو سەردەمە بە زەقی ناوی نەهاتۆتە سەرباس،بەڵام ئەمە نیشانەی ئەوە نیە بە بەدواچوونی زیاتر نەگەینە ئەنجامی باشتر، چونکە ناگونجێ ئەم پێگە ئابووریە(بیتوێن) گرنگە بایەخی خۆی ون کردبێت، لەکاتێکدا شاری جێگرەوە(بدیل) بۆ ڕانیە لە دەڤەرەکەی نەبووە و هەردەبێت ڕانیە ڕۆڵی پێشەنگی هەبووبێت.

٣-ڕاستە لە سەدەی پانزەو شانزەوە هەتا سەدەی بیست ناوی ڕانیە بە زەقی دێتە بەرباس ،لەململانێی نێوان میرنشینەکان و ڕووداوەکانی پەیوەست بە ڕەوشی سیاسی ئەو زەمانە،بەڵام زیاتر ڕۆڵی ڕانیە وەکو بایەخ و وەکو سنوری جوگرافیایی و تێپەڕبوونی سەردارو میرەکان بە ناوچەکە ناوی هاتووە ،نەك وەکو بەشداری دانیشتوانی ڕانیە لە ڕووی سیاسی و فەرهەنگییەوە لە ڕوداوەکانی ئەو زەمانە،بەڵام ئەمە لەو بایەخی کەم ناکاتەوە کە ڕانیە لە مێژە هەیەو ناوی لەناو ناوانە .

٤- لەکۆتایی سەدەی نۆزدەم لەگەڵ سەرەتای سەدەی بیستەم وا دەزانم خاڵی وەچەرخانە بۆ هاتنە گۆڕێی ناوو ناوەرۆکی ڕانیە بۆ سەر شانۆی ڕووداوەکان و لێرەوە کەرەستەی باش لەبەردەستدان قسەی لەسەر بکەین، بەڵام بە پێویستمان زانی هەڵیبگرین بۆ دەرفەتی‌تر، چونکە لە ڕووپەڕی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیست و لە ژمارەیەك لە سەرچاوە کوردی و عەرەبیەکان و بەڵگەنامە ئیداریەکان و هەگبەی پیاوە بەساڵاچووەکان کەرەستەو بەڵگەو دەستهاوێژی باش هەیە، ئەمەو سەرەڕای باسی ئەن دەڤەرە لە نووسینەکانی ژمارەیەکی زۆری ئەفسەرانی بەریتانی بە شێوەی یاداشت یان سەرچاوە باسی ڕانیەیان خستۆتە سەر باسان وەکو مێجەرسۆن و ئەمۆندز و کابتن لاین و ی.ف.میرسین و.... هتد.

ئەمەی بەردەستت هەوڵێکی زۆر سەرەتاییە بۆ داڕشتنی مێژووی ئەم دەڤەرەو بە تایبەتی خۆم لە قەرەی سەدەی بیست نەداوە. بەڵام دەگونجێ ڕۆشنبیران و مێژوزان و خاوەن قەڵەمەکانی ئەم شارە ، ئەمە بکەنە دەروازەیەك بۆ پرۆژەیەکی گەورە، ئەمە لە کاتێکدا وای دەبینین ڕانیە لەباری دایەو بۆ ئەوە دەچێت ببێتە شارێکی گەورەو ناوەندێکی زەببەلاحی دانیشتوان و ڕۆڵی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی گەورە بگێڕێ لە ئایندەیەکی نزیك لە هەرێمی کوردستان.

سەرچاوەو پەراوێزەکان :


١-عەلی سەیدۆ گەورانی: لە عەمانەوە بۆ ئامێدی، و: تالیب بەرزنجی ، سلێمانی ، ل ١٧٣ .

٢-لونگریك : اربعة القرون من التاریخ العراق الحدیث ، ت : جعفر الخیاط ، ط٦ ، ١٩٦٨ ،ص ٣٧٦ .

٣-لونگریك : هەمان سەرچاوە.

٤-جەمال بابان: سلێمانی شارە گەشاوەکەم ، سلێمانی ٢٠٠٠ ، ل ٢٢٠.

٥- جەمال بابان: هەمان سەرچاوە ، ل ٢١٧ .

٦-عەلی سەیدۆ گەورانی : هەمان سەرچاوە ، ل ١٧٣ .

٧-شاکر فتاح: ئاوێنەی ژینم ، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ١٠٨ ، کانونی یەکەمی ١٩٨٥ .

٨- محمود احمد محمد: مێژووی هۆزی بلباس، سلێمانی ، ١٩٨٩ ، ل ٨٢.

٩-جمال بابان: اسماء المدن و المواقع العراقیة، بغداد ،١٩٨٦ ، ص ١٨٤ .

١٠-مەلا رووف حویزی : کوردستان و ئایینی ئیسلام، بەغدا، ١٩٧٠. گەرچی لە بابەت بەسەرهاتە مێژووییەکانی ناو ئەم کتێبە تێبینی و ڕەخنەی زۆر هەیە و کەمتر جێی متمانەیە .

١١-شەرەفخانی بەدلیسی: شەرەفنامە، و: هەژار، ١٩٧ ، ل

١٢-لونگریك : هەمان سەرچاوە ، ص ٦١ .

١٣-لونگریك : هەمان سەرچاوە ، ص ١٢٤ .

١٤-نوشیروان مستەفا: میراتی بابان لە نێوان بەرداشی ڕۆم و عەجەمدا ، سلێمانی ، ١٩٩٨، ل ١٤٢ .

١٥-لونگریك: سەرچاوەی پێشوو، ص ٢١٥.

١٦-شیخ محمد الخال : شیخ معروف النودهي ، بغداد، ص ص ١٧-١٨ .

١٧-جرجیس فتح الله : یقظة الکرد، اربیل، ٢٠٠٢، ص ٦١٤.

١٨-شاکر فتاح : سەرچاوەی پێشوو.

١٩-عەلی سەیدۆ گەورانی: سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٧٣ .

٢٠-کامەران جەمال بابان زادە: میرنشینی سۆران، هەولێر ، ١٩٩٨ ، ل ٤٦.

٢١-هەتا ئێستاش لە بەرامبەر گوندی (قەشقۆڵی) لەسەر گردێك ئەو قەڵایە ماوەو هەروەها بەدووری (٥٥کم) لە ڕۆژهەڵاتی کۆیە لەبەرامبەر زێ و لە پشت گوندی بۆگد قەڵایەکی تریان دروستکردووە بۆ هەمان مەبەست و لەسەر هەمان خەت .

٢٢-حسین حوزنی موکریانی: میرانی سۆران،چاپی دووەم، هەولێر، ١٩٦٢، ل ٦٢.

٢٣-محمود احمد محمد: مێژووی هۆزی بلباس ، ل ل ٦١-٦٢ .